# ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان

پ.د.سلام نصرالدين محمد
salam.mohammed@unuvsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانی /کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان

د. هاونیاز سامی صابر
hawnyaz.saber@spu.edu.iq
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ کۆلێجی ڕاگەیاندن تەکنیکی کارگێڕی-تەکنیکی میدیا

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: 1/4/2025
ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: 2025/11/09

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان)، هەوڵ دەدات بۆ خستنە ڕووی ئەو ڕۆڵەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن بیبینن لە هۆشیار کرددنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، بەرامبەر با چۆنێتی مامەڵەکردن لە گەڵ کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا.بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە میتۆدی وەسفی، شێوازی ڕاپێوی بەستراوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەی پشت پێبەستراو بریتییە لە خودی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە بەشێوەی هەڕەمەکی سادە نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە لە 6 کۆمەڵەو ڕێکخراوی جیاواز و جۆری خاوەن پێداویستیەکانیان، لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانیشدا پشت بە ئامرازەکانی فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن بەستراوە.لە دیارترین ئەو دەرئامانجانەی ئەم توێژینەوەیە

**پێی گەیشتووە بریتین لە:**

1. لە ڕوی گرنگیدان بە خاوەن پیداویستیەتایبەتەکان، درک بە جۆرێک لە جیاکاری دەکرێت لە ڕووی میدیاییەوە، سەبارەت نیشاندانی کار و چالاکییەکان یاخود خستنە ڕووی داواکاری و کێشەو گرفتەکانیان.
2. وێنەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا وێنەیەکی نەرێنی هەیە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی بە کەسانێکی لاواز و بێتواناو بارگران بەسەر خانەوادەو و کۆمەڵگەوە نیشان دەدرێن، بەتایبەت نیشاندانیان وەک نەخۆش و پەککەوتە و هەژارو بێکار...هتد.
3. ڕادەی متمانەکردن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیار کردنەوەی تاک لەبارەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەئاستێکی مامناوەندایە.

4. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن نەیان توانیوە تا ئێستا بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ بگرن لە هەوڵدان بۆ تێکەڵکردنەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگە.

**کلیلە ووشە**: ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، هۆشیاری، کۆمەڵگە، خاوەن پێداویستی تایبەت

**پێشەکی:**

هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی چەندین پێکهاتەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت کە بەپێی دابەش بوونی کۆمەڵایەتی یان پیشەیی یان ئاینی یان هەر جۆرێکی دیکە دیاریدەکرێن و جیا دەکرێنەوە، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتیش یەکێکن لەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانە و بەشێکی دانەبڕاون لەناو کۆمەڵگەدا و هەریەکەیان بە جۆریکی دیاری کراو، بەشدارە لە ئەنجامدانی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانیدا.

پەراوێز کەوتنی ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە لەناو کۆمەڵگە وبێبەش بونیان لە مافەکانیان و دابین نەکردنی ژینگەیەکی تەندروست و مامەڵەیەکی شیاو لەڕوی مافە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری وتەنانەت سیاسیش، بووەتە هۆی بەربەستێکی گەورە لەبەردەم گونجاندن و بەشداریکرندیان لە کارو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەوەش بەهۆی ئەو جیاکارییەی کە بەرامبەر کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە ئامرازاکانی ڕاگەیاندن پێدەچێت هۆکارێک بێت کە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی کارا کار لەسەر ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە بکات کە بەشێوەیەکی بەرچاو دابڕێنراوە لە توێژ و چینەکانی تری کۆمەڵگە، کە ئەوەش بووەتە هۆی نایەکسانییەکی کۆمەڵایەتی و نەخستنە ڕووی تواناو کارامەییەکانی ئەو کەسانە. لێرەوە کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە ئایا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چۆن دەتوانن کار بکەن بۆئەوەی ڕۆڵ بگێرن لەهۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگەو گرنگیدانیان بەکەسانی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، لە ڕێگەی بەرنامە و بەرهەمە میدیاییەکانی تر نیشاندان و خستنەڕوی تواناو کارامەییەکان لەو جۆرە مرۆڤانەداو بەشێوەیەکی ئەرێنی وهەوڵدان بۆ گونجاندن و تێکەڵکردنەوەیان بە کۆمەڵگە، بەتایبەت کە لە ئێستادا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، چ لە ڕووی تەکنەلۆجی، چ لەڕووی بەرهەمهێنانی میدیایی دا.

ئەم توێژینەوەیە لە 3 باسی سەرەکی پێکدێت. باسی یەکەم تایبەتە بە میتۆدنامەی توێژینەوەکە، هەروەها باسی دووەم تەرخان کراوە بۆ لایەنی تیۆری توێژینەوەکە، باسی سێیەمیش تایبەتە بە لایەنی مەیدانی توێژیەوەکە لەگەڵ خستنە ڕووی دەرئانجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان.

**باسی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە:**

1. کێشەی توێژینەوە: کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنە ڕووی ئەو ناڕونیەی لە ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا بەدیدەکرێت، لە چۆنیەتی هۆشیارکردنەوە و مامەڵەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بەو کەسانەی خاوەن پیداویستی تایبەتن.

sjh@univsul.edu.iq

لەو ڕوانگەیەوە توێژەر ئەم پرسیارە سەرەکیە دەخاتە ڕوو، کە بریتیە لەوەی ئەو ڕۆڵە چییە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن ببینن بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشیار بکاتەوە و ئاراستەیان بکات سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان؟

بەمەبەستی بەدەست هێنانی وەڵام بۆ پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم پرسیارانە دەخاتە ڕوو:

أ. تا چەند کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت گرنگی بە بابەت و پرۆگرامە میدیاییەکان دەدەن؟
ب. تا چەند کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕەزامەندن لە ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە کەسانی خاوەن پیداویستی تایبەت؟
ج. ئەو ڕۆڵە چییە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن بیبینن لە هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە کەسانی خاوەن پیداویستی تایبەت؟
د. ئەو ڕێگایانە چین کە ئامرازەکانی راگەیاندن دەتوانن بیگرنە بەر لە هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە بەرامبەر بە شێوازی ڕەفتارکردن بەرامبەر کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت؟

### 2. گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لە چەند لایەنێکەوە دەخرێتە روو

أ. گرنگی کۆمەڵایەتی، ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەیەوێت ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە بخاتە ڕوو وەک هەنگاوێکی زانستیانە و تیشک بخاتە سەر ئەو نا ڕونیەی کە لە ئەرکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا بەدی کردووە بەرامبەر کەسانی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.
ب. گرنگی زانستی، بۆ کەمی ئەنجامدانی توێژینەوە مەیدانیەکان دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا وەک پێویست کاری لەسەر نەکراوە . هەروەها لە ڕوی زانستییەوە دەتوانرێت لە داهاتوودا وەک سەرچاوەیەکی زانستی سوودی لێ ببینرێت لەلایەن توێژەرانەوە و توێژینەوەی زیاتر لەو بارەیەوە ئەنجام بدەن.
ج. لەڕوی میدیاییەوە بە شێوەیەک دەبێت کە دەتوانێت لەڕێگەی ئەنجام و پێشنیارەکانەوە ئەو کەلێنانە دیاری بکات کە پێویستیان بەپڕکردنەوە هەیە لەلایەن ئامرازەکانی راگەیاندنەوە. هەروەها سەرنجی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەو ڕۆڵە ڕابکێشێت کە پێویستە ببینن لە پێدانی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بە تاکەکانی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی بابەت و بەرنامە میدیاییەکانیاندا سەبارەت بە مامەڵەکردنیان لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکاندا.

### 3. ئامانجی توێژینەوە:

أ. زانینی جۆری ئەو ئامرازانەی لەلایەن کەسانی خاوەن پێداویستیەکانەوە زۆرترین گرنگی پێدەدرێت.
ب. زانینی ئاستی گرنگیدان بە بابەت و پرۆگرامە میدیاییەکان لەلایەن کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتەوە.

sjh@univsul.edu.iq

ج. زانینی ئاستی ڕەزامەندی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

د. زانینی ڕادەی خستنە ڕووی کێشەو پێداویستیەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە.

ە. خستنە ڕووی ئەو ڕۆڵەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن ببینن لە هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

و. دیاریکردنی ئەو ڕێگایانەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن بیگرنە بەر لە هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە بەرامبەر بە شێوازی ڕەفتارکردن بەرامبەر کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

**4.میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری میتۆدی وەسفیە، بەبەکارهێنانی ڕێبازی مەیدانی پۆلێن دەکرێت بە ئامانجی کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان و بەراورد کردنیان و شیکردنەوەیان، کە لە کۆتاییدا توانای گشتاندن بۆ دەرئەنجامەکان بکرێت و جێگەی ڕەزامەندی بێت لە ڕووی زانستییەوە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە، بەمەبەستی بەدەست گەیشتنی ئەنجامی ووردتر هەردوو. لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن.

**5. کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێک دێت لە کۆی ئەندامانی ڕێکخراوەکانی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە پارێزگای سلێمانی. لەو کۆمەڵگەیە نمونەی توێژینەوەکە کە بریتین لە ئەندامانی ڕێکخراوەکانی (یەکێتی نابینایان، کۆمەڵەی کورتەباڵاکان، کۆمەڵەی ئۆتیزم، کۆمەڵەی نابیستان، کۆمەڵەی تالاسیما) لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا. کە سەرجەم کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کەسانی خاوەن پیداویستی تایبەت دەگرێتەوە.

هەڵبژاردنی توێژی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ ئەوەیە ڕۆشنایی بخەینە سەر شێوازی بەکارهێنان و بەرکەوتنی ئەم توێژە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە گشتی، هەروەها بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕادەی ئەو ڕۆڵەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ببینن لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە سەبارەت بە مامەڵەکردنی کەسەکان لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیکردنە و گرنگی و کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ڕێنمایی کردن و ئاراستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە.

نمونەی توێژینەوەکە: کۆی گشتی بەشداربووان بریتییە لە (130) بەشداربوو لە هەردوو ڕەگەز، کە بەشێوەی ناهەڕەمەکی سادە (مەبەستدار) وەرگیراون. هەروەها (13) بەشداربوو، هەروەها بە شێوەی چاوپێکەوتنی قوڵ لەگەڵ (4) کۆمەڵە چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە کە ژمارەیان بریتییە لە (13) بەشداربوو.

**6. ڕاستی ڕواڵەتی و جێگیری توێژینەوە:**

ڕاستی فۆرمی توێژینەوە، ڕێگایەکە بۆ سەلماندنی گونجاوی بڕگەو تەوەرەکانی فۆرمی ئامادەکراو بۆ توێژینەوە، ئەوەش لەڕێگەی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی زانستیانە لە لایەن چەند پسپۆڕێکی زانستییەوە تایبەت لە بوارەکەدا[1]. پاش گەڕانەوەی فۆرمەکان لەلایەن هەڵسەنگێنەرانەوە کە (24) پرسیاری لەخۆگرتبوو، لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامی ڕای پسپۆڕان ئەو پرسیارانەی کە ڕێژەی ڕێککەوتنیان تێدا گەیشتە (94.7%) بەپێی هاوکێشەی پێرسۆن، ئەوەش ئەنجامێکی بەرزە بۆ ئەم جۆرە توێژینەوانە.

هەروەها جێگیری توێژینەوەکەش لەڕێگەی هاوڕێکی ناوخۆیی(الاتساق الداخلي) و پاش دەرهێنانی پەیوەندی نێوان بڕگەکان لەگەڵ یەکتریدا، دەرکەوت کە جێگیری وەڵامی بەشداربووان بەڕێژەی(95.2٪) دەرکەوت، کە ئەوەش ئاستێکی بەرزی بەدەست هاتووە.

**7. سنوری توێژینەوە:**

سنوری شوێن: شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە بریتییە لە ناوەندی پاریزگای سلێمانی.

سنوری کات: بریتیە لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لە 2024/9/20 – 10 /11 /2024

**8. ئامرازەکانی توێژینەوە:**

توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریدەربارەی توێژیەوەکە، پشتی بە دوو ئامرازی سەرەکی بەستووە کە بریتین لە (فۆرمی ڕاپرسی، فۆرمی چاوپێکەوتن)

**9. ناساندنی چەمک و زاراوەکان:**

ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی: مەبەست لێی هەموو ئەو ئامرازە باو و نوێ جەماوەریانەیە، کە بابەت وبەرنامە و پرۆگرامی میدیایی ئاراستەی وەرگر دەکات سەبارەت بە بوار و بابەتە تایبەت وجیاوازەکان کە پەیوەندی بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە.

هۆشیاری: مەبەست لێی جەختکردنە لەسەر سەرنجپێدانی تاک بۆ دیاردەیەک یان بابەتێک یان دۆزێکی دیاریکراو و فراوانبوونی ئاستی زانین لای تاک بەمەبەستی زانینی چۆنێتی مامەڵە کردن لە گەڵ ئەو دۆخەدا کە ڕووبەرووی دەبێتەوە.

[1]- هەڵسەنگێنەرانی زانستی
أ. پ.د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان- ڕاگەیاندن
ب. پ.ی.د. لانە سابر محمد، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان- پەیوەندی گشتی
ج. پ.ی.د.هەژار محمد جەلال. زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی- تەکنیکی میدیا

کۆمەڵگە: مەبەست لێی کۆمەڵە کەسانێکن کە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە لە ژینگەیەکی دیاریکراوو لە چوارچێوەی سیستمێکی دیاریکراودا، بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازییە بایۆلۆجی و دیمۆگرافییەکانی نێوانیان، وەک زمان، ئاین، رەگەز...هتد.

خاوەن پێداویستی تایبەت: ئەو کەسانەن کە پێویستییان بەیارمەتی یان هاوکاری یان ئاسانکاری هەیە لە راییکردنی کاروبارەکانی رۆژانەیاندا، بەهۆی بوونی ئاستەنگێکی جەستەیی یان هزری یان گەشەیی یان رەفتاری. کە دەشێت ئاستەنگێکی هەمیشەیی یان کاتی بێت، کە کاریگەری هەیە لەسەر بوارە جیاوازەکانی ژیانی کەسەکە وەک (پەیوەندیکردن، هاتوو چۆکردن، کارلێکی کۆمەڵایەتی....هتد).

**10. توێژینەوەکانی پێشوو:**

أ. توێژینەوەی (محمد علی سعد، مصطفى محمد رفاعي)[1]

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە راستکردنەوەی وێنەی زەینی نەرێنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازە جیاوازەکانی راگەیاندندا)، کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گەران بەدوای ئەو رۆلەی کە لەرێگەی پەروەردەی میدیاییەوە دەتوانرێت لە راستکردنەوەی وێنەی زەینی نەرێنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازە جیاوازەکانی راگەیاندندا ببینرێت، بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەم کێشە سەرەکییە توێژەران چەند ئامانجێکیان دیاریکردووە، لە دیارترینیان : پشتراستکردنەوەی بونی وێنەی زەینی نەرێنی کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە ئامرازە جیاوازەکانی راگەیاندندا، بەدواداچوون بۆ گۆرینی وێنەی زەینی نەرێنی کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە ئامرازە جیاوازەکانی راگەیاندندا، بەدواداچوونی لە رۆڵی پەروەردەی میدیایی ئامرازەکانی راگەیاندن لە راستکردنەوەی وێنەی زەینی نەرێنی کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە ئامرازە جیاوازەکانی راگەیاندندا.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتییە لە: پەروەردەی میدیایی دەتوانێت ئاستی هۆشیاری سەبارەت وێنەی چەقبەستو باوەکان لە نواندنە میدیاییەکاندا بەرز بکرێتەوە کە بەرامبەر کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت خراوەتە روو، لە رێگەی رۆشنبیرکردن و پەروەردەکردنی بەرهەمهێنەرانی ئامرازەکانی راگەیاندن و رۆژنامەوانان. هاندانی پەروەردەی میدیایی لە بەشدارپێکردنی دەنگە جیاوازەکان لە کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە بەرهەمهێنانی میدیاییدا، بە شێوەیەک وێناکردنێکی راستەقینە تر و رەسەنتر پیشان دەدات لە ئەزموونە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا. هەروەها پەروەردەی میدیایی دەتوانێت ئاسانکاری بکات بۆ بەشداریکردن و هاوکاریکردنی کۆمەڵگە لە رووبەرووبونەوەی وێنە چەقبەستووە باوو نەرێنیەکان، لە رێگەی

[1] - محمد علي سعد، مصطفى محمد رفاعي، دور التربية الاعلامية في تعديل الصورة الذهنية لذوي الاحتياجات الخاصة في وسائل الاعلام المختلفة، صحيفة التربية، عدد4 المجلد الثاني،يوليو 2024.

پێشخستنی گفتو گۆو هاوکاریکردن لە نێوان میدیاکاران و مامۆستایان و داکۆکیکاران و کەسانی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، کە دەتوانێت دەرفەت برەخسینێت لە پاڵپشتیکردنی دەنگە پەراوێز خراوەکان و نەبیستراوەکان.

ب. توێژینەوەی (احمد المهدي الزواوي، منير عيادي)[1]

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە خزمەتکردنی پرسی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە نیشتمانی عەرەبیدا)، کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ناساندنی ئەو ڕۆڵەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانێت بیبینێت لە خزمەتکردنی پرسی کەسانی خاوەن پێداوێستی تایبەت، ئەم توێژینەوەیە بە شێوەی وەسفی ئەنجام دراوە، لە دیارترین ئەو ئامانجانەی دەریخستووە بریتین لە تیشک خستنە سەر شێوازی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتەوە، خستنە ڕووی ئەو سوودەی لە ئەنجامی بەرکەوتنیان بەئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە دەستان خستووە. لە دیارترین دەرئەنجامەکانیشدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن گۆڕانکارییان تیدابکرێت کارکردن لەسەر گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگە بەرامبەر پرسی خاوەن پێداویستیەکان و دورکەوتنەوە لەو لایەنانەی دەبنە هۆی کەمکردنەوەی کەسێتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا. دانانی نەخشەو پلانی میدیایی کە کۆمەڵگە بە کێشەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بناسێنێت، گەشەپێدان و چاودێریکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و دانانی بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانەوە.

ج.توێژینەوەی (هەژار محمد جلال)[2]

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (علاقة ذوى الاحتياجات الخاصة العراقيين بالفضائيات والإشباعات المتحققة) کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەخستنە ڕووی ئاستی پەیوەندی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتی عێراقی بە کەناڵە ئاسمانیەکان و ڕادەی تێربونی پێداویستییەکانیان، لەم توێژینەوەیەدا مەنهەجی ڕوپێوی بەکار هاتووە، بە توێژینەوەیەکی وەسفی ناسێنراوە، نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە 400 خاوەن پیداویستی تایبەت لە 8 ڕێکخراوی تایبەت بە خاوەن پێداویستەکان کە بریتین لە ڕێکخراوەکانی (کەم ئەندامان، نابینایان، نابیستان، کورتەباڵاکان) هەر پارێزگایەو 4 ڕێکخراو وەرگیراوە. لە دیارترین ئەو ئامانجانەی توێژینەوەکە هەوڵی بۆ داوە بریتین لە زانینی جۆری ئەو کەناڵانەی زۆرترین بینەریان ە لەناو کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکاندا، هەروەها زانینی جۆری ئەو بەرنامانەی زۆرترین ئاستی تەماشاکردنیان هەیە، هەروەها لە دیارترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتین لەوەی کە جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان جۆری کەم ئەندامی و ڕادەی

---

1 - احمد المهدي الزواوي، منير عيادي، دور وسائل الاعلام في خدمة قضايا ذوي الاحتياجات الخاصة في الوطن العربي، المجلة العلمية للتكنولوجيا والعلوم الاعاقة، المجلد5 العدد3، سبتمبر 2023

2 - هەژار محمد جلال، علاقة ذوى الاحتياجات الخاصة العراقيين بالفضائيات والإشباعات المتحققة، رسالة ماجستيرو مقدمة الى معهد البحوث والدراسات العربيةو قسم البحوث والدراسات الاعلامية، 22011

تێربوونی پێداویستییەکانیان لە لایەن کەناڵە ئاسمانیەکانەوە، ئەوەش بەواتای ئەوەی جۆری خاوەن پێداویستی بەشداربووان پەیوەندی بە رادەی سوود بینینیان لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە هەیە.ئەم توێژینەوانەی خراونەتە روو، سەرەرای جیاوازییان لەگەڵ ناوەرۆک و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بەرچاو روونیەکی باشی بە توێژەران بەخشی لە رووی دیاری کردنی کۆمەڵگەنمونەی توێژینەوەکە لەلایەک ، هەروەها دیاریکردنی ئەو لایەنەی کە لە توێژینەوەکانی سەرەوەدا نەبووە ئەویش لایەنی هۆشیاری کۆمەڵگەیە بەرامبەر خاوەن پێداویستە تایبەتەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان و ئاشنابوون بە خواست و چاورروانییەکانیان لە داهاتوودا.

**باسی دووەم: دەروازەی تیۆری توێژینەوە:**

ئامرازەکانی راگەیاندن و کۆمەڵگەلە دنیای ئەمرۆدا ئامرازەکانی راگەیاندن کە بەهۆی ئەو چەندایەتی و جۆرایەتیەوە بەخۆیەوە بینیوە، تارادەیەکی بەرچاو ئەرکەکانی گۆرانکاریان بەسەردا هاتووە، ئەوەش بەشێکی پەیوەندیدارە بەلایەنی خاوەندارێتی و بەشێکیشی پەیوەندی بەستراتیژ و سیاسەتی ئامرازەکانەوە هەیە. لەسەرەتای سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئامرازەکانی راگەیاندن وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردنی جەماوەری، ئامانجی راگەیاندنەکان پێدانی هەواڵ و زانیاری و ئاراستەکردنی وەرگر بووە، دواتر بەپێی ئەو قۆناغانەی گەشەکردن و بەرەو پێشچونە تەکنەلۆجیەکان هێنایانە ئاراوە، ئەرکی راگەیاندنیش گۆرانکاری بەسەردا هاتووە.

ئاشکرایە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، وەک بەشێکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، هاوشێوەی مرۆڤە ئاساییەکان بەرکەوتنیان لەگەڵ ئامرازەکانی راگەیاندندا هەیە، کە لە رێگەیانەوە پێداویستییە مەعریفیەکانیان بەدەست دەهێنن، کەدەتوانن ئامرازەکانی راگەیاندنی وەک دەروازەیەکی واڵا ببینن بۆ پرکردنەوەی پێداویستییە دەرونی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان. ئەوەش لە رێگەی ئەو بەرنامە و پرۆگرام و بابەتانەی لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە وەری دەگرن، لێهاتووی و شارەزایی خۆیان زیاتر پەرە پێبدەن و لەناو کۆمەڵگەدا وەک پێکهاتەیەکی کاراو بەشدار لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی ژیاندا خۆیان بگونجێنن و بەشداربن لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە لە رووی فکری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری وزۆربەی بوارەکانی تری ژیاندا، نەک وەک پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بێ سوود و کاریگەری لە کۆمەڵگەدا سەیر بکرێن.

**یەکەم: راگەیاندن و ئامرازەکانی راگەیاندن**

کاتێک باس لە راگەیاندن دەکرێت مەبەست لێی ئەو پرۆسەیەیە کە ئامانج لێی گواستنەوە و ئاراستە کردنی کۆمەڵێک داتاو زانیارییە، لەلایەن نێرەرێکەوە بۆ لایەنێکی تر کە وەرگرە، بە ئامانجی ئاگادار بوون و ئاراستە کردنی بۆ ئەنجام دانی هەڵسوکەوت و رەفتارێکی دیاریکراو[1].هارۆڵد لاسوێڵ ئاماژەی داوە بەوەی کە چاودێریکردنی ژینگە و بەستنەوەی کۆمەڵگا بە ژینگەی دەوروبەری و گواستنەوەی میراتی کۆمەڵایەتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەشێکن لەو ئەرکانەی بوونەتە بنەمایەک

[1] ـ محمد عبدالملك، مدخل الى الاعلام والرأي العام، ط2، صنعاء2005،ص12

بۆ دارشتنی بیرۆکە ورێبازەکانی دیاریکردنی ئەرکەکانی ڕاگەیاندن بۆ تاک و کۆمەڵگا، دوای پەرەپێدان یان گونجاندنیان لە پەیوەندییەکەیدا بەمیدیا، ناوەڕۆک، یان وەرگرەکانەوە، بەڵام هەموویان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە پەیوەندییان بەو ئەرکانەوە هەیە کە میدیا بۆ تاک و کۆمەڵگا ئەنجامی دەدات یاخود نا [1].

**دووەم: تایبەتمەندییەکانی ڕاگەیاندن:**

دەتوانرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەم سروشت و تایبەتمەندیانەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت[2].

1. میدیا لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کۆمەڵگادا دینامیکی و بەردەوام لە گۆڕاندایە.
2. میدیا هەمەچەشنە و هەڵبژاردە و بژاردەی جۆراوجۆر پێشکەش بە بەکارهێنەران و بینەران دەکات.
3. میدیا کارلێککارانەیە و ڕێگە بە بەکارهێنەران و بینەر دەدات پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی فیدباک لەگەڵ میدیا و یەکتردا بکەن.
4. میدیا کاریگەرە و کاریگەری لەسەر بۆچوون و هەڵوێست و ڕەفتار و بەهاکانی بەکارهێنەر و بینەر هەیە.
5. میدیا بەهێزە و دەتوانێت کارنامەی گشتی دابڕێژێت و نۆرم و پێوەرەکان دابنێت و واقیع و تێڕوانین بۆ جیهان دروست بکات.
6. میدیا لە هەموو شوێنێکە و گشتگیرە و دەتوانێت لە هەر شوێنێک و لە هەر کاتێکدا بگاتە خەڵک و کاریگەری لەسەر خەڵک هەبێت.

لەو ڕۆشناییەوە دەتوانرێت ئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەدا بەم شێوەی ە بخەینە ڕوو[3]:

1. **هەواڵ و زانیاری:** ئەرکی سەرەکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، گواستنەوەی ئەو زانیارییە بە جەماوەر کە لە ئەنجامی ڕوودانی ڕوداوەکانەوە سەرچاوە دەگرن لە سەرجەم بوارە جیاوازەکاندا، لە ناو و دەرەوەی ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی.
2. ئاراستەکردن: مەبەست لێی توانای ئامرازەکانی ڕاگەیەندنە لە بەخشینی ڕەفتاری نوێ یان گۆڕینی ڕەفتاری کۆن لای وەرگر، بەڵام لەژێر مەرجی دیاریکراودا، وەک هەڵبژاردنی بابەتی میدیایی دروست کە بگونجێت لەگەڵ وەرگردا.
3. **ڕۆشنبیرکردن:** واتا زیادکردنی زانین، بەدەر لە بەکارهێنانی شێوازی باوو وەک ئەوەی لە ناوەندەکانی خوێندندا پەیڕەو دەکرێت، کە پەیوەندیدارە بە شێوازی گشتییەوە. ڕۆشنبیرکردن دەرئەنجامی ئارەزووی تاکە بۆ ڕووکردن و بەرکەوتنی

---

[1] - صلاح محمدعبدالحمید، الاعلام الجديد، القاهرة، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، 2012- ص43

[2] -O.P. Jindal global university. (2024). What are the different types of media? its extent and importance explained?. O.P. Jindal global university. Retrieved in 15/4/2024, from: https://jgu.edu.in/blog/2024/02/22/what-are-the-different-types-of-media/ ڕۆژی سەردان 2024/10/27

[3] - بڕوانە: علي عبدالفتاح كنعان، الاعلام والمجتمع، عمان، دار اليازوري،2014، ص5
صلاح محمدعبدالحمید، سەرچاوەی پێشوو، ل44

بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کارلێککردنە لەگەڵیدا بەئامانجێکی دیاریکراو و پلانی پێشوەختە بە پێی ویستێکی خودی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە.

4. **ناسینی کۆمەڵایەتی:** ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی نیشاندانی هاوسۆزی بەشێوازێکی نەرم کەگوزارشت لە هەستەکانیان بکەن یان کاراکتەرە کۆمەڵایەتیەکان بناسن کە لەلایەن خەڵکەوە ناسراون.

5. **کات بەسەربردن:** واتا بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەمەبەستی سەرقاڵبوون یان بەسەربردنی کاتێکی بەتاڵ و پشوودان لەدوای ماندوو بوون و جەنجاڵی کارو فرمانەکانی ڕۆژانە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەری لەبەرامبەر ئاراستەیەکی دیاریکراودا.

6. **ڕیکلامکردن:** یەکێک لەئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بریتییە لە ریکلام کردن و ناساندنی کاڵاو شمەکە جیاوازەکان، یان خزمەتگوزاری یان بیرۆکەو بۆچوون یان ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو بەجەماوەر، دیاری کردنی شوێن و هاندانیان بۆ دەست خستن و تاقیکردنەوەیان.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئەگەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەرکەکانی خۆی بە ئاراستەیەکی سوود بەخش سوودی لێ ببینێت لە کۆمەڵگەدا، دەبێتە بزوێنەرێکی بەهێز لە بنیاتنان و گەشەپێدان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا، بەڵام خراپ بەکارهێنانی تواناکانی ڕاگەیاندن، دەبێتە کۆی بەجێهێشتنی کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر دەرونی تاکەکانی کۆمەڵگە و بەلاڕێدا بردنیان.

## سێیەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە خزمەتکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان

### 1- پێناسەی خاوەن پێداویستی تایبەت:

دەستەواژەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بریتییە لە کۆمەڵێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە کە جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ تاکی ئاسایی هەیە، ئەم جیاوازیانەش لە جەستە، بیرکردنەوە، یان هەستەکاندا دەردەکەون، جا ئەو جیاوازییانە هەمیشەیی بن، وەک ئەوانەی لەئەنجامی نەخۆشییە دەروونی، بۆماوەییەکان، یان جەستەییەکانەوە سەرهەڵدەدەن، کە توانای پراکتیزەکردنی چالاکییە سەرەتایی و کەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان سنووردار دەکات، ڕێگری دەکات لە تێرکردنی پێداویستییەکانیان و تەواوکردنی فێربوونیان لە ڕێگەی شێوازی سروشتییەوە لە کۆمەڵگا، یاخود بەهۆی ڕوداوێکەوە ڕوو دەدات[1].

---

[1] - بروانە: علیة سماح، تكييف المناهج التربوية حسب حاجات المعاقين بصريا، اطروحة دكتوراه مقدمة الى جامعة محمد خيضر بسكرةو كلة العلوم الانسانيةو العلوم الاجتماعية، 2013، ص128

**2- جۆرەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت:**

پۆلێنکردنی جۆرەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بۆ چەند جۆرێک پۆلێنکراون، بە شێوەی هاوشێوەیی یان جیاواز، بە جۆرێک رادەی پێداویستی هەر گروپێک بە پێی ستاندارده بابەتییەکان دیاری دەکرێت، لەم بارەیەوە جۆرەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت پۆلێن دەکرێت بەم شێوەیە[1]:

أ. کەم ئەندامی جەستەیی: وەک تێکچوونی جولّە، بارودۆخی تەندروستی درێژخایەن وەک تالاسیمیا، کەم ئەندامی هەستیاری.

ب. کەمئەندامی هزری: کەمئەندامی مەعریفی دەگرێتەوە کە کاریگەری لەسەر فێربوون هەیە وتوانای بیرکردنەوە و چارەسەری کێشەکانی نییە.

ج. کەمئەندامی گەشەکردن، ئەم جۆرەیان وەک ئۆتیزم و تێکچونی کەمی سەرنجدان، فرە چالاکی و نیشانەکانی داون. دەگرێتەوە.

د. کەم ئەندامی هەستیاری: وەک تێکچونی هەستی بینین یان بیستن دەگرێتەوە، هەریەکەیان بە پێی جۆری کەم ئەندامییەکەی ناتوانێت وەک پێویست چاکلاکییەکانی ئەنجام بدات.

ە. تێکچونی سۆزداری یان ڕەفتاری. ئەوانەش وەک حالّەتەکانی دلّە راوکێ، خەمۆکی یان تێکچونی ڕەفتاری دەگرێتەوە.

ئەوەی کە بەپێویست دەبینرێت ئەمرۆ کاری لەسەر بکرێت، چڕکردنەوەی هەولّەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا ونیشاندنانی گرنگی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە چاودێریکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا. ئەوەش لەڕێگەی تیشک خستنە سەر تواناکانی خاوەن پێداویستی تایبەت، لە چوارچێوەی بەرنامە و بابەت و پرۆگرامە میدیاییەکانەوە کە ئەوانیش وەک کەسانی ئاسایی، کەسانی کاریگەرن و بارگرانی نین لەسەر کۆمەڵگاکانیان. لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە باوو نوێکانەوە، ئەو وێنە زەینیە نەرێنیەی دەربارەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان هەیە لە ڕومالّی میدیایی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا سەرەڕای جیاوازی جۆرەکانیان وەک کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە شێوەی نەخۆش وێنا کراون کە پێویستییان بە پاڵپشتی و چاودێریکردنی بەردەوام هەیە، ئەوەش بە مۆدێلێکی نەرێنی لە میدیای جیهانیدا ناودەبرێت(2).

ئامرازەکان ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان هەیە لە تەرخانکردن و دەستکاریکردنی ڕوانگەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە شێوەیەکی ئەرێنی، بەو پێیەی دەتوانن بە سادەیی و بە ڕوونی باس لە کێشەی کۆمەڵگە و خێزان بکەن لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تاک و منداڵانی ئەم توێژەی کۆمەڵگە و کار بۆ تێکەڵکردنیان بکات لەگەڵ کۆمەڵگادا بە شایستەکردنیان لە ڕووی زانستی و پەروەردەییەوە بۆ ئەوەی وەک کەسێکی کەم سەیر نەکرێن، لە ڕێگەی میدیاوە دەکرێت ئەم

[1] - محمد علي سعد، مصطفى محمد رفاعي، سەرچاوەی پێشوو، ل221

[2] -Haller, B.,( 1997). *Images of disability in news media* Paper presented at the national communication Association annual meeting, November, Chicago Illinois.

تێروانینە بگۆڕێت بۆ ڕوانگەیەکی ئەرێنی و ئەوەی کە کەسێکی کاریگەرە لە کۆمەڵگادا وەک تەواوی تاکەکان، بەو پێیەش گرنگی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن، کۆن و نوێ لەگەڵ دەستپێکردنی پسپۆڕییەکی نوێ لەبواری توێژینەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا، لە پێشکەشکردنی پرسەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، دەخرێتە ڕوو، [1].

**3- ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە:**

مەبەست لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لێرەدا، تەواوی ئەو ئامرازانەیە کە جەماوەر بەرکەوتنیان لەگەڵێدا هەیە بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری و ئاگادار بوون لە ڕووداوەکانی ڕۆژ، ئەوەش سەرجەم ئامرازە باوەکانی وەک چاپکراوەکان، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، هەروەها ڕاگەیاندنی نوێ کە پشت بە خزمەتگوزاری تۆڕی ئینتەرنێت و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا دەبەستێت بۆ پەیوەندیکردن. سەرەڕای تەواوی ئەو سەکۆیانەی بۆ پەیوەندیکردنن بەکار دەهێنرێن وەک پێگە ئەلکترۆنیەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان....هتد.

دۆزی خاوەن پیداویستییە تایبەتەکان سەرەڕای ئەوەی کە لایەنێکی کۆمەڵایەتی مرۆییە، لە هەمان کاتدا پەیوەستە بە ئاستی ڕۆشنبیریشیانەوە، بە شێوەیەک کە کەسانی ئاسایی چۆن بڕواننە ئەو کەسانە. ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی تێڕوانینێکی نەرێنی هەیە بەرامبەر کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە، بەڵام پێوستی بە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە هەیە، کە بەشێوەیەکی ئەرێنی و وەک بەش و پێکهاتەیەکی جیانەکراوەی کۆمەڵگە سەیریان بکرێت. بۆ ئەوەش لێرەوە ئەرک و ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی دەردەکەوێت. ئەو کارەش تەنها بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن نایەتەدی، بەڵکو ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی تەواوکەری هەوڵەکانی دیکەی کۆمەڵگایە، بەئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری وئەنجامدانی گۆڕانکاری لە تێڕوانینی نەرێنی خەڵک بەرامبەر خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

لێرەوە بە پێویست دەزانرێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، سەبارەت هۆکارەکانی کەمئەندام بوون و ڕێگاکانی خۆپاراستن لێی. ئەوەش بە هاوکاری کۆمەڵە و ڕێکخراوو یەکێتیەکانی تایبەت بە توێژی کەمئەندامان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بەبێ لەبەرچاو گرتنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە لە ڕووی جیاوازییە کلتوری و ئاینی و تەمەن و ڕەگەز، باری ئابوری و شوێنی ژیانکردنیان.

نەزانی مەعریفی لە چەمکی زانستی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، یەکێکە لەو لایەنانەی کە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا ڕەنگە بێ ئاگا بن لێی، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان و پێویستی سەیرکردنیان وەک کەسانێک کە بتوانن بەشداری هەوڵەکانیان بکەن، تێڕوانینی باوی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لای ئەندامانی کۆمەڵگا ئەوەیە کە ئەوان کەسێکی نەخۆش و نەرێنین، بارگرانن لەسەر بنەماڵەکەی، و شایەنی هاوسۆزی و بەزەیین.

1 - اريج ابراهيم عبدالحميد، ماجدة حمد اسيوب، وسائل الإعلام وطرق تناولها لقضية دمج وتأهيل ذوي الاحتياجات الخاصة " تصور مقترح للإعلام المتخصص " الاجتماعي" ، المجلة الجزائرية لبحوث الإعلام والرأي العام، المجلد (02) -العدد (02)– ديسمبر 2019

ئەم تێڕوانینە سنووردارە بە شێوەیەکی سروشتی بۆ میدیا و میدیاکارانیش بڵاوبووەتەوە،، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان تاکێکن لە کۆمەڵگادا و کارلێک لەگەڵ دامەزراوە و پرسەکانیدا دەکرێت وەک هەر کەسێکی تر کاردانەوەی دەبێت. لەو هەنگاوانەی کە دەبێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەم بوارەدا ئەنجامی بدات بریتین لە [1]:

1. بەرهەمهێنانی بەرنامەو پرۆگرام و بابەتی میدیایی و پەروەردەیی و ڕێنمایی تایبەت بەکەسانی خاوەن پیداویستی تایبەت لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە.
2. پێشکەشکردنی بەرنامەی زانیاری گشتی کە ئامانج لێی ڕێنماییکردن و ئاراستەکردنی خێزان بێت بۆ یارمەتیدانیان لە زوو دۆزینەوەی کەمئەندامی و تێرکردنی پێداویستییەکانی خێزانی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت.
3. بەگەڕخستنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن ڕێکخراوو کۆمەڵەکانی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەتەکان، بە ئامانجی زیاتر ناساندنی تواناکانیان وکەمکردنەوەی وێنای نەرێنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بە کۆمەڵگە.
4. بەشدارییپێکردنی پسپۆڕان لە ئامادەکردنی بەرنامەی میدیایی سەبارەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت و خستنە ڕووی هۆکار و چارەسەرییەکان.
5. نیشاندانی مۆدێلی سەرکەوتووی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پرۆگرامە میدیاییەکاندا لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە.
6. پێشکەشکردنی وێنەیەکی واقیعی لەو هەوڵانەی کە لە بواری کارکردن لەگەڵ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا دراون و هاندانی پشتیوانی و گەشەپێدانیان.
7. گرنگیپێدان و نیشاندانی تواناو بەهرەی ئەو خاوەن پێداویستیانەی کە لە بوارێکی دیاریکراودا ڕۆڵیان هەیەو دەرکەوتوون، وەک کەسانی ئاسایی.
8. کارکردن بۆ نیشاندان و بەشدارییپێکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە شێوەیەکی ئەرێنی و ئاسایی لە چوارچێوەی بەرهەمە هونەرییەکاندا وەک فلم و دراماو کارە هونەرییەکان دیکە و ڕەنگدانەوەیان وەک پێکهاتەیەکی تەواوکاری کۆمەڵگە و دوکەوتنەوە لە جیاکاری کۆمەڵایەتی.
9. گرنگیدان بە کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و نیشاندانیان لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بە شێوەیەکی بەردەوام.


[1] - بڕوانە:
- عبدالله مسفر العجمي، دور الاعلام الحديث في نشر الوعي في قضايا ذوي الاعاقة، مجلة التربية الخاصة والتاهيل، مجلد 12، ع40الجزء الثالث، يناير 2021.
- هلا السعيد، تقييم واقع وسائل الاعلام ودورها في خدمة قضايا الاشخاص ذوي الاعاقة، http://dic-specialneeds.com/2022/12/13/ تاريخ الزيارة 2024/11/8

**باسی سێیەم: دەروازەی مەیدانی توێژینەوە:**

ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان

بەمەبەستی شیکاری زانیارییە بەدەست هاتووەکان، لە ئەنجامی دابەشکردنی 150 فۆرم بەسەر 6 ڕێکخراوو یەکێتی و کۆمەڵەی تایبەت بە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان کە بریتی بوون لە ( یەکێتی نابینایان، کۆمەڵەی کورتەباڵاکان، کۆمەڵەی نابیستان، کۆمەڵەی تالاسیمیا، کۆمەڵەی ئۆتیزم*، یەکێتی کەم ئەندامان)، 150 فۆرمیان ئاراستەکراوە بۆ هەریەکەیان 25 فۆرم، بەڵام پاش وەرگرتنەوە و گەڕانەوەی فۆرمەکان، تەنها 130 فۆرم شیاوی شیکاری بوون، 4 فۆرم نەگەڕێنرابوونەوە، 6 فۆرم کەموکوڕی لە وەڵام دانەوە هەبووە و دورخراوەتەوە، 10 فۆرم بەبەتاڵی گەڕاوەتەوە.

بەشداری ڕێکخراوەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەم شێوەیەی لای خوارەوە بووە، وەک لە شێوەی 1دا دەردەکەوێت.





شێوەی 1 ژمارەی بەشداربووانی ڕێکخراوەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت

**تەوەری یەکەم: زانیاری دیمۆگرافی**

1- دابەشبوونی بەشداربووان بە پێی ڕەگەز

لە کۆی 130 بەشداربوو، دەرکەوتووە کە 73 بەشداربوو بەڕێژەی 56٪ لە ڕەگەزی نێرن، لە بەرامبەردا 57 بەشداربوو بەڕێژەی 44٪ لە ڕەگەزی مێیە بوون. بڕوانە شێوەی2.


*- تێبینی:
لە کۆی ئەو فۆرمانەی دابەشکراون بەسەر خاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا، تەنها خاوەن پێداویستی ئۆتیزم، دایک یان باوکی کەسی خاوەن پێداویستی وەڵامی داوەتەوە.




شێوەی 2 دابەشبوونی بەشداربووان بە پێی ڕەگەز

2- دابەشبوونی بەشداربووان بە پێی تەمەن

لە کۆی 130 بەشداربوو، دەرکەوتووە کە 16 بەشداربوو بەرێژەی 12٪ لە ڕەگەزی تەمەنیان کەمتر لە 20 ساڵ بووە، 45 بەشداربوو بەرێژەی 35٪ لە تەمەنی 20-30 ساڵیدابوون، 31 بەشداربوو بەرێژەی 24٪ لە تەمەنی 30-40 ساڵیدا بوون، هەروەها 27 بەشداربوو بەرێژەی 21٪ لە تەمەنی 40-50 ساڵیدابوون، 11 بەشداربوو بەرێژەی 8٪ تەمەنیان لە سەروو 50 ساڵ بووە، ئەم دابەش بوونە دەریدەخات کە سەرجەم بەشداربووانی توێژینەوەکە لە ئاست و تەمەنی جیاوازدا بەشدار بوون، بڕوانە شێوەی3.





شێوەی 3 دابەشبوونی بەشداربووان بە پێی تەمەن

3- دابەشبوونی بەشداربووان بە پێی پیشە

لە کۆی 130 بەشداربوو، دەرکەوتووە کە 36 بەشداربوو بەرێژەی 28٪ لە پیشەیان فەرمانبەر بووە، 19 بەشداربوو بەرێژەی 15٪ خاوەنی کاری خۆیان بوون، 43 بەشداربوو بەرێژەی 33٪ بێکار بوون، 18 بەشداربوو بەرێژەی 14٪ خوێندکار بوون، 14 بەشداربوو بەرێژەی 11٪ ئاماژەیان بە هیتر داوە کە پێک هاتبوولە( خانەنشین، چالاکی مەدەنی، خۆبەخش)، ئەم دابەش بوونە

دەریدەخات کە ڕێژەیەکی زۆری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت خاوەنی پیشەی خۆیانن و دەتوانن پشت بە خۆیان ببەستن، بڕوانە


شێوەی4.




شێوەی 4 دابەشبوونی بەشداربووان بە پێی پیشە

4- دابەشبوونی بەشداربووان بە پێی ئاستی خوێندن

لە کۆی 130 بەشداربوو، دەرکەوتووە کە 17 بەشداربوو بەڕێژەی 13٪ نەخوێندەوار بووە، 42 بەشداربوو بەڕێژەی 32٪ ئاستی خوێندنیان بنەڕەتی بووە، 24 بەشداربوو بەڕێژەی 19٪ ئاستی خوێندنیان ئامادەیی بوون، 20 بەشداربوو بەڕێژەی 15٪ ئاستی خوێندنیان پەیمانگا بوو، 25 بەشداربوو بەڕێژەی 19٪ ئاستی زانکۆ داوە، تەنها 2 بەشداربوو ئاستی خوێندنیان خوێندنی باڵا بووە. ئەم دابەش بوونە دەریدەخات کە ڕێژەیەکی زۆری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت خاوەنی بڕوانامەی خوێندننی خۆیانن و توانیویانە بە ڕێژەیەکی بەرز لە بواری خوێندندا بەرەو پێشەوە بڕۆن. بڕوانە شێوەی5.





شێوەی 5 دابەشبوونی بەشداربووان بە پێی ئاستی خوێندن

**تەوەری دووەم: بەرکەوتن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن**

**1- ڕادەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**


دوابەدوای شیکاری زانیاریەکان دەرکەوت لەلایەن کەسانی خاوەن پیداویستی تایبەتەوە، 43 بەشداربوو بەرێژەی 33٪ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زۆر بەکاردەهێنن، لەهەمان کاتدا 58 بەشداربوو بەرێژەی 45٪ تارادەیەک ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن، هەروەها 29 بەشداربوو بەرێژەی 22٪ کەم ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن. ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە گرنگیدان لای کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئاستێکی مامناوەندایە، بڕوانە شێوەی 6.




شێوەی 6 ڕادەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لای بەشداربووان

**2- جۆری ئامرازی بەکارهاتوو.**


بەپێی ئەنجامەکان دەرکەوتووە لە کۆی 130 بەشداربوو، 27 بەشداربوو بە ڕێژەی21٪ تەلەفزیۆن بەکار دەهێنێت، هەروەها 40 بەشداربوو بەڕێژەی 31٪ کەناڵ و پێگە ئینتەرنێتیەکان بەکاردەهێنن، تەنها 4 بەشداربوو بەڕێژەی 3٪ ئاماژەیان بەوەداوە کە ڕادیۆ بەکاردەهێنن، بەڵام 59 بەشداربوو بەڕێژەی 45٪ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، ئەم ئەنجامە دەریدەخات  کە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هاوشێوەی کەسانی ئاسایی توانیویانە سوود لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ببینن، لە ناویشیاندا تۆڕە کۆمەڵایەتەکان ئاستێکی بەرزی بەکارهێنانی هەیە بڕوانە شێوەی 7.




شێوەی7 دابەشبوونی جۆری ئامرازە بەکارهاتووەکان لای بەشداربووان

**3- ماوەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**

ئەنجامەکان دەریان خستووە، لە کۆی وەڵامی بەشداربووان، 46 بەشداربوو بەڕێژەی 35٪  1-2 کاتژمێر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن، 26 بەشداربوو بەڕێژەی 20٪  2-3 کاتژمێر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن، 28 بەشداربوو بەڕێژەی 22٪ 3-4 کاتژمێر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن، 30 بەشداربوو بەڕێژەی 23٪ 4 کاتژمێر زیاتر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن، بەپێی ئەم ئەنجامە دەرکەوتووە کە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لەلای بەشداربووان کاتێکی کەمی بۆ تەرخان دەکرێت، بڕوانە شێوەی8.





شێوەی8 ماوەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لای بەشداربووان

**4- مەبەست لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.**

بەپێی ئەنجامەکان دەرکەوتووە لە کۆی ٢٣٩ وەڵامی 130 بەشداربوو*، 33 بەشداربوو بەڕێژەی 14٪ بەمەبەستی کات بەسەربردن ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکار دەهێنێت، 33 بەشداربوو بەڕێژەی 27٪ ئاماژەیان بە وەرگرتنی زانیاری داوە 54 بەشداربوو بەڕێژەی 23٪ ئاماژەیان بە ئاگادار بوون لە ڕوداوو هەواڵەکان داوە، 34 بەشداربوو بەڕێژەی 14٪ ئاماژەیان بە زانینی ڕادەی گرنگیدان بە ڕەوشی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن داوە، 36 بەشداربوو بەڕێژەی 15٪ ئاماژەیان بە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری داوە، 18 بەشداربوو بەڕێژەی 7٪ ئاماژەیان بە ئاشنا بوون بە کلتور وداب و نەریتی کۆمەڵگە جیاوازەکان داوە. وەک لە ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت وەرگرتنی زانیاری بە پلەی یەکەم دێت، بەڵام ڕادەی گرنگیدان بە خستنە ڕووی ڕەوشی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لەلای بەشداربووان لە ئاستێکی نزمدایە، سەرەڕای ئەوەی ئەو لایەنە پەیوەستە بەوانەوە. بڕوانە شێوەی 9.

*- هۆکاری بەرزی ژمارەی وەڵامەکان کە 239 وەڵامە، لەلایەن 130 بەشدار بووەوە لەم بڕگەیەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشداربووان، توانیویانە زیاد لە وەڵامێک دیاری بکەن.ڕێژەی سەدی ژمارەکانیش لەسەر بنەمای کۆی وەڵامەکان دەرهێنراون ، نەک کۆی بەشدار بووان.
هەمان شێوە لە بڕگەکانی ی 6 و 15 لە تەوەری سێیەم دوبارەبووەتەوە، بە هەمان هۆکار.


sjh@univsul.edu.iq




شێوەی 9مەبەست لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

**5- ڕادەی گرنگیدانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.**

سەبارەت بە ڕادەی گرنگیدانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بەپێی ئەنجامەکان دەرکەوتووە لە کۆی 130 بەشداربوو، تەنها 15 بەشداربوو بەرێژەی 12٪ ئاماژەیان بۆ ڕادەی زۆر کردووە ، هەروەها 41 بەشداربوو بەرێژەی 32٪ ئاماژەیان بۆ تاڕادەیەک کردووە، بەڵام 74 بەشداربوو بەرێژەی 57٪ ئاماژەیان بە ڕادەیەکی کەم داوە، ئەم ئەنجامە دەریدەخات ڕادەی گرنگیدانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئاستێکی نزمدایە، وەک دیارە لە شێوەی 9دا ڕادەی گرنگیدان بە ڕەوشی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا لای بەشداربووان ئاستێکی نزمی هەیە، ئەمەش پەیوەندییەکی ئاشکرا دەردەخات کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەی پێویست گرنگیان نەداوە بە بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە چوار چێوەی بەرنامە پرۆگرامەکانیاندا، بڕوانە شێوەی 10.





شێوەی 10ڕادەی گرنگیدانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

**تەوەری سێیەم: ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دا**

1- توانای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری مامەڵەکردن تایبەت بەکەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەناو کۆمەڵگە.

تایبەت بە توانای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری مامەڵەکردن تایبەت بەکەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەناو کۆمەڵگە، ئەنجامەکان دەریانخستووە لە کۆی 130 بەشداربوو، تەنها 16 بەشداربوو بەڕێژەی 12٪ ڕایان وایە کە لە ئاستێکی زۆردایە، لەهەمان کاتدا 52 کەس بەڕێژەی 40٪ ڕایان وایە تا ڕادەیەک توانایان هەیە، بەڵام 62 بەشداربوو بەڕێژەی 48٪ ڕایان وایە کە لە ئاستێکی کەمدایە. لەم ئەنجامەدا دەردەکەوێت کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیریدا نەیان توانیوە تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشیار بکەنەوە بە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەناو کۆمەڵگە. بڕوانە شێوەی 11





شێوەی 11 توانای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری مامەڵەکردن تایبەت بەکەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەناو کۆمەڵگە

2- وێنەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا.

تایبەت بە وێنەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا ئەنجامەکان دەریانخستووە لە کۆی 130 بەشداربوو، 31 بەشداربوو بەڕێژەی 24٪ ڕایان وایە کە وێنەیەکی ئەرێنیان هەیە، لەهەمان کاتدا 71 بەشداربوو بەڕێژەی 55٪ ڕایان وایە کە وێنەیەکی نەرێنیان هەیە،، بەڵام 28 بەشداربوو بەڕێژەی 21٪ بە دڵنیا نین وەڵامیان داوەتەوە. لەم ئەنجامەدا دەردەکەوێت کە لەو کاتانەی کە کاری ڕاگەیاندن لەسەر کەسانی خاوەن پێداویستی دەکرێت زیاتر وێنەیەکی نەرێنیان نیشان دەدرێت، بڕوانە

شێوەی 12.





شێوەی 12 وێنەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا.

**3- خستنە ڕووی تواناو بەهرەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا.**

تایبەت بە خستنە ڕووی تواناو بەهرەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، لەکۆی 130 بەشداربوو،7 بەشداربوو بەرێژەی 6٪ ئاماژەیان بەوە داوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گرنگییەکی زۆریان پێداوە، بەڵام 68 بەشداربوو بەرێژەی 52٪ ئاماژەیان بە تارادەیەک داوە، لەهەمان کاتدا 55 بەشداربووبەرێژەی 42٪ ئاماژەیان بە ئاستی کەم داوە، لەم ئەنجامەدا دەردەکەوێت کە سەرەڕای بوونی کەسانی بەتواناو بەهرەدار لەناو کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا، بەڵام ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک پێویست کاری نەکردووە لەو ڕووەوە، ئەوەی کە نیشان دراوە لە ئاستێکی نزمدایە. بڕوانە

شێوەی 13.





شێوەی 13خستنە ڕووی تواناو بەهرەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا.

4- دروستکردنی ڕای گشتی لەخستنەڕوو و چارەسەرکردنی کێشەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دا.

سەبارەت بە دروستکردنی ڕای گشتی لەخستنەڕوو و چارەسەرکردنی کێشەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دا، لەکۆی 130 بەشداربوو، 15 بەشداربوو بەڕێژەی 11٪ ئاماژەیان بەوە داوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە ئاستێ زۆر توانیویانە ڕای گشتی دروست بکەن، بەڵام 48 بەشداربوو بەڕێژەی 37٪ ئاماژەیان بە تارادەیەک داوە، لەهەمان کاتدا 67 بەشداربوو بەڕێژەی 52٪ ئاماژەیان بە ئاستی کەم داوە. لەم ئەنجامەدا دەردەکەوێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئاستێکی کەمدا توانیویانە ڕای گشتی دروست بکەن لەخستنەڕوو و چارەسەرکردنی کێشەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا، بڕوانە

شێوەی 14.





شێوەی 14 ڕادەی دروستکردنی ڕای گشتی لەخستنەڕوو و چارەسەرکردنی کێشەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دا

5- کاریگەری ناوەڕۆکە میدیاییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی هاوڵاتیان سەبارەت بەماف وپێداویستیەکانی کەسانی خاوەن پێداویست.

تایبەت بە کاریگەری ناوەڕۆکە میدیاییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی هاوڵاتیان سەبارەت بەماف وپێداویستیەکانی کەسانی خاوەن پێداویست، لە کۆی 130 بەشداربوو، 18 بەشداربوو بەڕێژەی 14٪ ئاماژەیان بەوە داوە کە زۆر کاریگەری هەیە، بەڵام 59 بەشداربوو بەڕێژەی 45٪ ئاماژەیان بەوە داوە کە تارادەیەک کاریگەری هەیە، لە هەمان کاتدا 53 بەشداربوو بەڕێژەی 41٪ ئاماژەیان بەوە داوە کە کەم کاریگەری هەیە، لەم ئەنجامەدا دەردەکەوێت کە ناوەڕۆکە میدیاییەکان کاریگەرییان لاوازە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی هاوڵاتیان سەبارەت بەماف وپێداویستیەکانی کەسانی خاوەن پێداویست، بڕوانە

شێوەی 15.





شێوەی 15 کاریگەری ناوەڕۆکە میدیاییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی هاوڵاتیان سەبارەت بەماف وپێداویستیەکانی کەسانی خاوەن پێداویست

**6- نیشاندانی شێوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا.**

تایبەت بەنیشاندانی شێوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا لە ڕوانگەی خودی خاوەن پیداویستە تایبەتەکان، دەرکەوتووە لە کۆی 259 وەڵامی 130 بەشداربوو، 63 بەشداربوو بەڕێژەی 24٪ ڕایان وایە بە شێوەی کەسانی ئارام و لەسەر خۆ نیشاندەدرێت، هەروەها 61 بەشداربوو بەڕێژەی 23٪ ڕایان وایە بە شێوەی کەسانی بارگران بەسەر خانەوادەوە نیشاندەدرێت، بەڵام 21 بەشداربوو بەڕێژەی 8٪ بۆچونیان وایە بەشێوەی کەسانی هاریکار و یارمەتیدەرنیشاندەدرێت، هەروەها 20 بەشداربوو بەڕێژەی 8٪ ئاماژەیان بەوە داوە کە بەشێوەی کەسانی بارگران بەسەر کۆمەڵگەوە نیشاندەدرێت، لەهەمان کاتدا 49 بەشداربوو بەڕێژەی 19٪ ڕایان وایە بە شێوەی کەسانی ڕوخۆش و سادە نیشاندەدرێت، بەڵام 38 بەشداربوو بەڕێژەی 8٪ وای دەبینن کە بەشێوەی کەسانی لاواز و بێتوانا نیشاندەدرێت، تەنها 7 بەشداربوو بەڕێژەی 8٪ ڕایان وابوو کە بە شێوەی کەسانی توند وتیژ لەناو کۆمەڵگەدا نیشان دەدرێن، بڕوانە

شێوەی 16.





شێوەی16 نیشاندانی شێوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا

**7- نیشان دانی کەسانی خاوەن پێداویستی، وەک کەسانی ئاسایی و یەکسان لە کۆمەڵگەدا**

تایبەت بە نیشاندانی کەسانی خاوەن پێداویستی، وەک کەسانی ئاسایی و یەکسان لە کۆمەڵگەدا لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، لە کۆی 130 بەشداربوو، 21 بەشداربوو بەرێژەی 16٪ ڕایان وابووە کە بە ڕادەیەکی زۆر بووە، هەروەها 42 بەشداربوو بەرێژەی 32٪ ڕایان وابووە کە تا ڕادەیەک بووە، بەڵام 67 بەشداربوو بەرێژەی 52٪ ڕایان وابووە کە بە ڕادەیەکی کەم ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کەسانی خاوەن پێداویستی، وەک کەسانی ئاسایی و یەکسان لە کۆمەڵگەدا نیشانداوە، ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریان نەکردووە بۆ ئەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت مامەڵەیەکی ئاساییان لەگەڵ بکرێت، چ لە بەڕێکردنی ژیانی ئاساییدا، چ لە ڕاییکردنی کارو بارەکانی ڕۆژانەیاندا، بڕوانە


شێوەی 17.




شێوەی 17 نیشاندانی کەسانی خاوەن پێداویستی، وەک کەسانی ئاسایی و یەکسان لە کۆمەڵگەدا

8- ڕادەی بەکارهێنانی شێوازی نوێی میدیایی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەناوهاوڵاتیان سەبارەت پارمەتیدانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەکاتی پێویستدا.

تایبەت بە بەکارهێنانی شیوازی نوێی میدیایی لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەناوهاوڵاتیاندا سەبارەت پارمەتیدانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەکاتی پێویستدا. لە کۆی 130 بەشداربوو، 19 بەشداربوو بەڕێژەی 15٪ ڕایان وابووە شێوازی نوێی میدیایی زۆر بەکار هێنراوە، بەڵام 65 بەشداربوو بەڕێژەی 50٪ ڕایان وابووە تاڕادەیەک شێوازی نوێی میدیایی بەکار هێنراوە، لەهەمان کاتدا 46 بەشداربوو بەڕێژەی 35٪ ڕایان وابووە شێوازی نوێی میدیایی کەم بەکار هێنراوە، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان هۆشیار بکرێنەوە کە لەکاتی پێویستیدا یارمەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بدەن، بڕوانە شێوەی 18





شێوەی 18 ڕادەی بەکارهێنانی شیوازی نوێی میدیایی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دا

**9- ڕادەی سەرکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گەیاندنی کێشەو داواکاریەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەلایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت.**

سەبارەت بەڕادەی سەرکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گەیاندنی کێشەو داواکاریەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەلایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، ئەنجامەکان دەریان خستووە لەکۆی سەرجەم بەشداربووان، 21 بەشداربوو بەڕێژەی 16٪ ڕایان وابووە بەڵێ سەرکەوتوو بوون، بەڵام 49 بەشداربوو بەڕێژەی 38٪ ڕایان وابووە تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوون، لەکاتێکدا60 بەشداربوو بەڕێژەی 46٪ ڕایان وابووە نەخێر سەرکەوتوو نەبوون، ئەم ئەنجامە ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن نەیان توانیوە ببنە نێوەندێک بۆ گەیاندنی کێشەو داواکاریەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەلایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، بە مەبەستی وەڵامدانەوە و چارەسەرکردن کێشەکانیان، بڕوانە


شێوەی 19.




شێوەی 19ڕادەی سەرکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گەیاندنی کێشەو داواکاریەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەلایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت

10- ئاستی پڕکردنەوەی خواست و ویستەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.


سەبارەت بەئاستی پڕکردنەوەی خواست و ویستەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەنجامەکان دەریان خستووە لەکۆی سەرجەم بەشداربووان، 22 بەشداربوو بەڕێژەی 17٪ ڕایان وابووە بەڵێ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئاست پڕکردنەوەی خواست و ویستەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتن، بەڵام 50 بەشداربوو بەڕێژەی 38٪ ڕایان وابووە تا ڕادەیەک لەو ئاستەیا بوون، لەکاتێکدا 58 بەشداربوو بەڕێژەی 45٪ ڕایان وابووە نەخێر لەو ئاستەیا نەبوون، ئەم ئەنجامە دەری دەخات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن گرنگییان بۆ ئەو بابەت و بەرنامانە نەبووە کە خواست و پێویستییەکانیان دابین بکەن، بڕوانە شێوەی 20



شێوەی 20 ئاستی پڕکردنەوەی خواست و ویستەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

**11- ڕادەی ڕاستگۆیی لە گواستنەوەی زانیاری، لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی لە کۆمەڵگەدا.**

سەبارەت بە ڕادەی ڕاستگۆیی لە گواستنەوەی زانیاری، سەبارەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، ئەنجامەکان دەریان خستووە لەکۆی سەرجەم بەشداربووان، 13 بەشداربوو بەرێژەی 10٪ ڕایان وابووە بەڵێ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕاستگۆن لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا، بەڵام 63 بەشداربوو بەرێژەی ٤٩٪ ڕایان وابووە تا ڕادەیەک ڕاستگۆن بوون، لەکاتێکدا 54 بەشداربوو بەرێژەی 41٪ ڕایان وابووە نەخێر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕاستگۆ نین لەو زانیاریانەی دەیگوازنەوە، ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گواستنەوەی زانیاری، سەبارەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بە پێی ئامانج و ستراتیژی ڕاگەیاندنەکان ئەو زانیاریانە دەگوازنەوەکە مەبەستیانە، بڕوانە شێوەی21.





شێوەی21 ڕادەی ڕاستگۆیی لە گواستنەوەی زانیاری، لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی لە کۆمەڵگەدا

**12- ڕادەی متمانەکردن  بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیار کردنەوەی تاک، سەبارەت کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.**

سەبارەت بە ڕادەی ڕاستگۆیی لە گواستنەوەی زانیاری، سەبارەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، ئەنجامەکان دەریان خستووە لەکۆی سەرجەم بەشداربووان، 16 بەشداربوو بەرێژەی 12٪  بە ڕادەیەکی زۆر متمانەیان بە سەرچاوەی زانیارییەکان هەیە، بەڵام 70 بەشداربوو بەرێژەی 54٪ ئاماژیان بەوە داوە تا ڕادەیەک متمانەیان هەیە، هەروەها 44

بەشداربوو بەڕێژەی 34٪ متمانەیان کەمە بە سەرچاوەی زانیارییەکان. ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تارادەیەک توانیویانە متمانەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەدەست بهێنن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە لەکاتی پەخشی بابەت و پرۆگرامەکاندا، تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت وەک پێویست گوزارشتیان لە بارودۆخەکان نەکردووە، بڕوانە شێوەی 22.





شێوەی 22ڕادەی متمانەکردن به ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیار کردنەوەی تاک، سەبارەت کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

**13- بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەوڵدان بۆ تێکەڵکردنەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە کۆمەڵگە.**

سەبارەت بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەوڵدان بۆ تێکەڵکردنەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە کۆمەڵگە، لەکۆی سەرجەم بەشداربووان، 34 بەشداربوو بەڕێژەی 26٪ ڕایان وایە کە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییان بە ڕادەیەکی زۆر لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام 54 بەشداربوو بەڕێژەی 42٪ ڕایان وایە تا ڕادەیەک بەرپرسیارێتیان لە ئەستۆ گرتووە، هەروەها 42 بەشداربوو بەڕێژەی 32٪ ئاماژەیان بە ڕادەی کەم داوە. ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەبەرامبەر هەوڵدان بۆ تێکەڵکردنەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە کۆمەڵگە،هێشتا لە ئاستێکی نزمدایەو پێویستی بە هەوڵدانی زیاتر هەیە، بڕوانە


شێوەی 23.




شێوەی 23بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەوڵدان بۆ تێکەڵکردنەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە کۆمەڵگە


14- ئاستی گرنگیدان بە دۆخی کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لەجۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا.

سەبارەت بە ئاستی گرنگیدان بە دۆخی کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لەجۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، لەکۆی سەرجەم بەشداربووان، 44 بەشداربوو بەڕێژەی 34٪ ئاماژەیان بە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان داوە، بەڵام 37 بەشداربوو بەڕێژەی 28٪ ئاماژەیان بە پێگە و کەناڵە ئنتەرنێتیەکان داوە، لەلایەکی تر 47 بەشداربوو بەڕێژەی 36٪ ئاماژەیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان داوە، هەروەها تەنها 1 بەشداربوو بەڕێژەی 1٪ ئاماژەی بە ڕادیۆ داوە، هەروەها 1 بەشداربوو بەڕێژەی 1٪ ئاماژەی بەچاپکراوەکان داوە، بڕوانە شێوەی 24.




شێوەی 24 ئاستی گرنگیدان بە دۆخی کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لەجۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا

15- بەکارهێنانی جۆری بزواندن (استمالة) لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا لە خستنە ڕووی دۆخی کەسانی خاوەن پیداویستی تایبەتدا، لە چوار چێوەی بەرنامە و بابەتە میدیاییەکاندا، لەکۆی 248 وەڵامی 130 بەشداربوو، دەرکەوت کە 66 بەشداربوو بەرێژەی 27٪ ئاماژەی بە بەزەیی هاتنەوە داوە، 72 بەشداربوو بەرێژەی 29٪ ئاماژەی بە ڕیز گرتن داوە، 7 بەشداربوو بەرێژەی 3٪ ئاماژەی بە ترس داوە، 22 بەشداربوو بەرێژەی 9٪ ئاماژەی بە شانازیکردن داوە، 36 بەشداربوو بەرێژەی 14٪ ئاماژەی بە سۆزپێدان داوە، 11 بەشداربوو بەرێژەی 4٪ ئاماژەی بە بەرپرسیارێتی داوە، 19 بەشداربوو بەرێژەی 8٪ ئاماژەی بە پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی داوە، هەروەها 15 بەشداربوو بەرێژەی 6٪ ئاماژەی بە خۆدورخستنەوە داوە، بڕوانە شێوەی 25.




شێوەی 25 بەکارهێنانی جۆری بزواندن (استمالة) لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا لە خستنە ڕووی دۆخی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا

**تەوەری چوارەم: چاوەڕوانی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن*:**

ئەم تەوەرە بە شێوەی چاوپێکەوتنی قوڵ ئەنجام دراوە، کۆی ئەو وەڵامانەی بەدەست هاتوون لە ئانجامی ئاەاستە کردنی 8 پرسیاری هاوبەشە بۆ سەرجەمی ئەو 4 گروپەی کە وەرگیراون بۆ چاوپێکەوتنەکە کە بریتین لە 13 بەشدار بوو.

خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان ئەوەی کە لە ئێستادا لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چاوەڕێی دەکەن، جیاواز لەوەی کە تا ئێستا ئەنجام دراوە دەردەکەوێت و ئەنجامیانداوە، پاش ئاراستەکردنی چەند پرسیارێکی هاوبەش بەسەر دەستەی بەڕێوەبردنی ژمارەیەک لە بەشداربووانی 4 ڕێکخراودا، لە وەڵامی بەشداربوواندا دەرکەوت کە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان چاوەڕوانی زیاتریان هەیە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەراورد بەوەی کە ئێستا ئەنجامی دەدەن، ئەو چاوەڕوانیانەش دەتوانین لەم خاڵانەی لای خوارەوە بیانخەینە ڕوو:

1. گرنگیدانی زیاتر بەو چالاکیە جۆراوجۆرانەی ڕێکخراوەکانی خاوەن پیداویستییە تایبەتەکان ئەنجامی دەدەن و ناساندنیان لە ڕێگەی ئامرازاکانی ڕاگەیاندنەوە.
2. خستنە ڕوو نیشاندانی ئەو تواناو بەهرانەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان هەیانە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، لە ڕێگەی بەشداری پێکردنیان لە بەرنامە و پرۆگرامە میدیاییەکاندا.
3. دورکەوتنەوە لەپڕکردنەوەی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان، بەکێشە و گرفتەکانی خاوەن پیداویستییە تایبەتەکان و بە لاڕێدا نەبردن و پچڕاندنی زانیارییەکان وەک ئەوەی کە هەبووە، بەڵکو بە شێوەیەکی بابەتیانە و بێلایەنانە زانیارییەکانیان بخرێتە ڕوو.
4. دوکەوتنەوە لەبڵاو کردنەوە و نیشاندانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بە شێوەیەکی نەرێنی کە جێگەی بەزەیی پێداهاتنەوە یان بارگرانی بێت کە ئەوە کاریگەری لەسەر کەسێتییان دروست دەکات. بەڵکو هەوڵ بدریت بەڕێزگرتن و شانازی پێوەکردن نیشان بدرێن وەک کەسانی ئاسایی ناو کۆمەڵگە.
5. گرنگیدان بە ڕاهێنانی میدیایی ڕاگەیاندنکاران و فراوانکردنی شارەزایی و ڕۆشنبیرکردنی میدیاکاران، لە کاتی ڕوماڵکردنی بۆنەو چالاکیەکانی ڕێکخراوەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە کاتی چاوپێکەوتنەکان ڕوماڵە میدیاییکاندا.
6. ئەنجام نەدانی جیاوازی و جیاکاری بەرامبەر جۆری ڕێکخراوەکانی خاوەن پیداویستییە تایبەتەکان، بەشێوەیەک کە گرنگی بە چەند ڕێکخراوێک بدرێت و چەند ڕێکخراوێکی تر فەرامۆش بکرێت.

*- ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەک لە دەستەی بەڕیوەبەرانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەکاتی سەردانیکردنی ڕێکخراوەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، کە ژمارەیان 13 بەشدار بووە لە هەریەک لە (یەکێتی نابینایان، کۆمەڵەی نابیستان، کۆمەڵەی ئۆتیزم، کۆمەڵەی تالاسیمیا) هەریەک لە کۆمەڵەی کەم ئەندامان و کۆمەڵەی کورتەباڵاکان، لەبەر بەردەست نەبوون و کەمی کات نەتوانرا چاوپێکەتنیان لەگەڵ ئەنجام بدرێت.

7. بەکارنەهێنانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و ڕێکخراوەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، لە قاڵبی حزبایەتی و ئامانجی سیاسی لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لەبەرامبەر یەکتریدا و بە قوربانیکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.
8. گرنگیدان بە بواری پەروەردەو فێرکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتی پەروەردەییەوە.
9. تێگەیشتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کێشەکانی خاوەن پێداویستییەکان و ڕێزگرتن لە barودۆخی کەسانی خاوەن پێویستی تایبەت و خێزانەکانیان و هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە لەوبارەیەوە.
10. دوورکەوتنەوە لە وێنە گرتن و نیشاندانی منداڵانی خاوەن پێداویستی بە شێوەی لاواز و کەموکوڕو بەزەیی پێدا هاتنەوە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، بە شێوەیەک کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر خودی کەسەکەو خێزانەکانیان.

**دەرئەنجام:**

1. لە ڕوی گرنگیدان بە خاوەن پێداویستیەتایبەتەکان، درک بە جۆرێک لە جیاکاری دەکرێت لە ڕووی میدیاییەوە، سەبارەت بە خستنە ڕووی کار و چالاکییەکان یاخود داواکاری و کێشەو گرفتەکانیان.
2. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن نەیان توانیوە تا ئێستا بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ بگرن لە هەوڵدان بۆ تێکەڵکردنەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە کۆمەڵگە.
3. ڕادەی متمانەکردن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیار کردنەوەی تاک لەبارەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەئاستێکی مامناوەندایە.
4. کاریگەری ناوەڕۆکە میدیاییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی هاوڵاتیان سەبارەت بەماف و پێداویستیەکانی کەسانی خاوەن پێداویست، لەئاستێکی مامناوەندایە، ئەوەش بۆ سنورداری ئەو بابەتە میدیاییانە دەگەڕێتەوە کە لەڕاگەیاندنەکاندا بڵاو دەکرێتەوە.
5. وێنەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا وێنەیەکی نەرێنی هەیە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی بە کەسانێکی لاواز و بێتواناو بارگران بەسەر خانەوادەو کۆمەڵگەوە نیشان دەدرێن، بەتایبەت نیشاندانیان وەک نەخۆش و پەککەوتە و هەژارو بێکار...هتد.

**ڕاسپاردەو پێشنیار:**

1. دانانی وەرگێڕی زمانی ئاماژە لە دامەزراوە میدیاییەکاندا، بە تایبەت کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان و ئامرازە بینراوەکانی تر لە کاتی پەخشکردنی بابەت و بەرنامە ڤیدیۆییەکانیاندا بۆ کەسانی نابیست، بەمەبەستی ئاگادار بوونیان لە بابەت و ڕوداوەکان.

2. گرنگیدانی زیاتر بە ڕوماڵکردنی تەواوی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان جۆری خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.
3. بەرهەمهێنان و ئامادەکردنی بەرنامەی تایبەت بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە ڕاگەیاندنەکاندا، بەبەشداری پێکردنی خودی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، لە پێشکەشکردنی بەرنامە و بابەتەکاندا.
4. هەوڵدان بۆ ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر خێزانەکانیان.
5. هۆشیار کردنەوەی خێزان و خانەوادەی کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و پەروەردەکردنیان، بەشێوەیەک کە مافەکانیان لەبەرچاو بگیرێت و بە ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، نەهێڵن کەس ببێتە مایەی ئازار پێگەیاندنیان بەتایبەت توشبووانی ئۆتیزم.
6. دورکەوتنەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە لایەنگیری بۆ ئاراستەیەک یان ئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراو لە کاتی ڕوماڵی بابەتەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا.

سەرچاوەکان:

1. احمد المهدي الزواوي، منير عيادي، دور وسائل الاعلام في خدمة قضايا ذوي الاحتياجات الخاصة في الوطن العربي، المجلة العلمية للتكنولوجيا والعلوم الاعاقة، المجلد5 العدد3، سبتمبر 2023
2. اريج ابراهيم عبدالحميد، ماجدة حمد اسيوب، وسائل الإعلام وطرق تناولها لقضية دمج وتأهيل ذوي الاحتياجات الخاصة " تصور مقترح للإعلام المتخصص " الاجتماعي" ، المجلة الجزائرية لبحوث الإعلام والرأي العام، المجلد (02) -العدد (02)– ديسمبر 2019
3. صلاح محمدعبدالحميد، الاعلام الجديد، القاهرة، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، 2012- ص43
4. صلاح محمدعبدالحميد، سەرچاوەی پێشوو، ل44
5. عبدالله مسفر العجمي، دور الاعلام الحديث في نشر الوعي في قضايا ذوي الاعاقة، مجلة التربية الخاصة والتاهيل، مجلد 12، ع40الجزء الثالث، يناير 2021.
6. علي عبدالفتاح كنعان، الاعلام والمجتمع، عمان، دار اليازوري،2014، ص5
7. علية سماح، تكييف المناهج التربوية حسب حاجات المعاقين بصريا، اطروحة دكتوراه مقدمة الى جامعة محمد خيضر بسكرةو كلة العلوم الانسانيةو العلوم الاجتماعية، 2013، ص128
8. محمد عبدالملك، مدخل الى الاعلام والرأي العام، ط2، صنعاء2005،ص12
9. محمد علي سعد، مصطفى محمد رفاعي، دور التربية الاعلامية في تعديل الصورة الذهنية لذوي الاحتياجات الخاصة في وسائل الاعلام المختلفة، صحيفة التربية، عدد4 المجلد الثاني،يوليو 2024.
10. محمد علي سعد، مصطفى محمد رفاعي، سەرچاوەی پێشوو، ل221
11. هلا السعيد، تقييم واقع وسائل الاعلام ودورها في خدمة قضايا الاشخاص ذوي الاعاقة، http://dic-/specialneeds.com/2022/12/13 تاريخ الزيارة 2024/11/8

1. Haller, B., (1997). *Images of disability in news media* Paper presented at the national communication Association annual meeting, November, Chicago Illinois.
2. O.P. Jindal global university. (2024). what are the different types of media? Its extent and importance explained?. O.P. Jindal global university. Retrieved in 15/4/2024, from: https://jgu.edu.in/blog/2024/02/22/what-are-the-different-types-of-media/ ڕۆژی سەردان 2024/10/27

چاوپێکەوتن:

ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەک لە دەستەی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەکاتی سەردانیکردنی ڕێکخراوەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

هەڵسەنگێنەرانی زانستی:

أ. پ.د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا، زانکۆی سلێمانی
ب. پ.ی.د. لانە سابر محمد، زانکۆی سلێمانی
ج. پ.ی.د.هەژار محمد جەلال. زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

SUMMERY:

It is obvious that the media and mass communication play a significant role in the field of culture and awareness of individuals in society, with the aim of shaping a new way in their behavior and actions, after the impact it leaves on the individual through media content. This study, entitled The Role of the Media in Raising Awareness of People with Disabilities, is an attempt to find out the role that the media can play in raising awareness of individuals in society about how they treat people with disabilities. As an integral part of society, the media needs to pay attention to them and serve their situations and problems.

In this regard, the researcher through this study, reached several conclusions, the most obvious of which are:

1. In terms of attention to people with disabilities, there is some discrimination in the media, in terms of showing work and activities or presenting their demands and problems.

2. The media has failed to take social responsibility in trying to integrate people with disabilities with individuals in society.

3. The degree of trust in the media in raising awareness about how to treat people with disabilities is moderate.

4. The effectiveness of media content in raising public awareness of citizens about the rights and needs of people with disabilities is moderate, due to the limited media articles published in the media.

5. The image of people with disabilities in the media has a negative image, because people with disabilities are portrayed as weak, incompetent and burdensome on their families and society, especially as sick, disabled, poor and unemployed.

**Keywords**: Media, awareness, community, disabled